## ڕۆژێك لە تەك كوردەكانی ئەسینادا



گۆران هەڵەبجەیی

لە مانگی ئۆكتۆبەردا بە سەردانێكی یەك هەفتە لە تەك هاوسەرەكەمدا چوینە یۆنان. بەر لە سەفەر پلانێكی وام دانابو كە لە میانەی سەفەرەكەمدا كوردەكانی دانیشتووی ئەسینا بەسەر بكەمەوە و ڕیپۆرتاژێكی تەلەفزیۆنی لە بارەیانەوە بۆ كەناڵەكەمان ئامادە بكەم.{★}, بۆیە لەگەڵ هاوسەرەكەمدا ڕێكەوتم بەوەی پاش بەسەركردنەوەی شوێنە كەشتیاریەكانی ئەسینا خۆم بە تەنها ئەو سەردانە ئەنجام بدەم.

لەوەوبەر دەمزانی كوردەكان و سەرجەمی مرۆڤە كۆچبەرەكانی جیهان كە عەوداڵی ژیانێكی ئاسودەو لوقمە نانێكی بێترس و بێمنەتن وەك ئەفریكاییی,ئێرانی, عەرەب ,ئەلبانی , ڕوس , ئۆكرانی و هندو پاكستانی و تاد لە گەڕەكیك كۆبونەتەوە كە نزیكە لە گۆررەپانێكی مەزن بە نێوی ئامۆنیا ,كە كوردەكان بە گەڕەكەكەش دەڵێن ئامۆنیا.

ساڵی 2000 لە یەكەم سەفەرمدا بۆ یۆنان پیاسەیەكی ئەو گەڕەكە یاخود ئەو بازاڕەم كرد و چەند كوردێكیشم بینی و سكاڵاكانیانیشم بیست و بە چاوی خۆشم هەولۆ مەرجی ژیانیانم دیت كە بەڕاستی پڕ زەحمەت وپڕچەرمەسەری بوو . .هەر ئەو دەمەبیرم كردەوە كە پێویستە ڕۆشنایی بخرێتە سەر ژیانی ئەم كۆمەلە خەڵكە و ئاوڕێكیان لێ بدرێتەوە و هۆكارو فاكتەرەكانی بوونیان لێرە لە یۆنان بەیان بكرێت. ڕاستە كوردەكانی یونان بەردەوام ئاڵوگۆڕیان بەسەردادێت ,كۆچبەری نوێ دێت و كۆنەكانیش بەرەو شوێنی مەبەست سەفەر دەكەن وهەندیكیشیان لەوێ جێگیر بوون, لێ مەرام و مەبەست و هۆكارو ئەنجامەكان هەر یەكن .

ولاتی یۆنان ۆێستگەیەكی كاتیە, هاوكات وێستگەیەكی گرنگیشە ,ئەوكەسەی بەوێبگات وا حساب دەكات كەلە كۆتایی سەفەر نزیك بوەتەوە و تەنها دوا هەنگاوی دەمێنێت ئەویش پەڕینەوەیە بۆ ئیتالیا یاخود ڕاستەو خۆ بۆ ولاتی مەبەست.لێ ئەمە ئەوە ناگەیەنێت گەشتن بە یۆنان كێشەكان كۆتایی دێن وهەمووشت بە ئاسانی دەڕوات, بەڵكو هەر مەنزڵێك كێشەو گرفتی تایبەتی خۆی هەیە.

ئەوەندەی من ئاگاداربم تائێستا بەپێی پێویست لە ڕاگەیاندنی كوردیدا گرنگی بەڕوشی كوردەكانی ئەو ولاتە نەدراوە. گەر بە هەڵەدا نەچووبم تەنها بەرنامەیەكی تەلەفزێنی لەمەڕ كوردەكانی یۆنان ئەنجام دراوە , ئەویش ڕۆژنامەوان كاك سیروان ڕەحیم چەند ساڵێك لەمەوبەر بۆ تەلەفزیۆنی ئێستای ڕۆو میدیای كۆنی ئەنجام دا كە جێی سوپاسە.بۆیە منیش لای خۆمەوە بڕیارم دا كە ڕیپۆرتاجێكی كوورتە بۆ بینەرانی كەناڵەكەمان چێبكەم.بۆ ئەو مەبەستەش لێرەوە واتە لە دانماركەوە تفاقی وێنەگرتن لە كامیراو میكرۆفۆن و سێپاو كاسێت و كێبلم لەتەك خۆما برد. ڕۆژی دیاریكراو نزیكی نیوەرۆ لە وێستگەی مەترۆی ئامۆنیا سەرم دەر هێنا ,وێستگەكە كەوتووەتە سەر چوارڕایەكی پانوبەرین و درێژ كە هەریەك لەو شەقامانە پڕن لە دوكان و كۆگاو ڕێستوڕانت و كافیتریای جوان و مۆدیرن.سەرەتا بڕیارمدا بچم بۆ چێشتخانەی عەبدولا كە ئەدرەسەكەیم دەزانی , ئەوەشم دەزانی كە جێگەی كۆبوونەوەی كوردەكانەو.ڕۆژانە ژمارەیەكی زۆر لە كوردەكان ڕووی تێدەكەن .

بۆ گەشتن بە ڕێستوڕانتی عەبدولا بەیە كێك لە شەقامە بەرینەكاندا شۆڕبوومەوە .,پاش بەینێك لە شەقامە بەرینەكە لامدا بەرەو ئەو بازاڕەی یا كۆمەڵە كۆلانەی كە بەشە كۆنەكەی ئامۆنیا پێكدێنن ملمنا . ئیدی لەوێوە شێوە ژیانێكی دیكەو سیمای خەڵكانێكی دیكە بەرچاو دەكەون, زۆربەی كۆلانەكان تەسك و كوورت و پۆخڵ دوكانەكان گچكەو تاریك كڕیارو فرۆشیارەكانیش زۆربەیان بێگانەن .

زۆربەی ئەو دوكانانە خاوەنەكانیان بێگانەن و كاڵاو شتوومەكەكانیش هەمدیس زۆربەی لە وڵاتانی جیاجیاوە هێنراون. لەسەر دوكانەكان یاخود رێستوڕانتەكان بەزمانی جۆراوجۆر نووسراوە بۆنمونە بە كوردی عەرەبی تایلاندی هندی چینی تاد.دەمێك مرۆڤ خۆی لەوێدا دەبینێتەوە واهەستدەكات كە لە بازارێكی یەكێك لە وڵاتە رۆژهەڵاتیەكاندایە, چونكە هەرچی سیماو ئاماژەی یۆنانی بێت بەو گەڕەكەوەدیارنیە.

.پاش 20دەقەیەك رۆشتن رێستوڕانتی عەبدوڵام دۆزیەوەكە دەكەوێتە سەر تەسكە شەقامی{ Saffous}. هەر لە چێشتخانەكە نزیك بوومەوە چەندین گەنجی كوردم بەدی كرد لەبەردەم چێشتخانەكەدا دوودوو و سێ سێ وەستابوون خێرا چەند وێنەكی كامێرایم گرتن.




لەسەردەركی چێشتخانەكە بە كوردیو یونانی و ئنگلیزی ناوی رێستوران و جۆری خواردنەكان نووسرابوون . لەسەر دیواری تەك دەرگەكەش تابلۆیەكی جوانی رەنگین لە وێنەی كیژە كوردێكی گۆزە لەسەرشان بە قەوارەیەكی مەزن نەخشێنرابوو.ناو رێستورانەكەش بە چەندین وێنەی فۆتۆگرافی لە دیمەنی كوردستان رازێنرابوویەوە.سەرەتا چوومە ژوورەوەپاش سڵاو خۆم بە یەكێك لە كارمەندان ناساند بە نێوی مەریوان وداوام لێكرد رێگەم بدات چەند دەقەیەك وێنەی ناو رێستوڕانتەكە بگرم.كاتی نیوەڕۆ بووناوەوە جمەی دەهاتك كارمەندان لە جموجوڵدابوون میوانەكانیان خزمەت دەكرد ,لەو كاتەدا كەناڵی كوردساتیش راپۆرتێكی لەمەڕ شاری خانەقین پەخش دەكرد .,زۆربەی خواردنەكان لە خواردنە باوەكانی لای خۆمان بوون, لێ ئەوەی لام جوان بوو خواردنەكان بە شێوازێكی جوان لە جامخانەدا دانرابوون واتە لەبەر چاو بوون.

.پاش پشوویەكی كورت و چا خواردنەوەیەك هاتمە دەرەوە بۆ لای گەنجەكانی بەردەرگا, خۆم بەوانیش ناساند و مەبەستی خۆمم پێگووتن. سەیر لەوەدا بوو زۆر كەمیان ئامادەیی نیشاندا بۆ قسەكردن وەهەریەكەیان بە بەهانەی بێ مانا پاساویان دەدایەوە. یەكێك دەیگووت شەرم لە كامێرا دەكەم, یەكێك دەیگووت هیچم نیە بیڵێم , ئەوی دیكە دەیگووت هەرچی بڵێم سوود بە خۆم ناگەیەنێت و لێرە رزگارم ناكات. لێ هەر چۆنێك بێت كۆڵم نەداو چەند كەسێكم پەیدا كرد ..پاش چێشتخانەی عەبدوڵا چوومە سەرتاشخانەی كوردستان كە كەمێك لە خوار عەبدوڵاوەیە, لەوێش خاوەن كارەكەو میوانێك كە چاوەڕێی سەرتاشین بوو دووواند.دوایی هاتمەوە بۆ لای كاك مەریوان وهەندێك گفتووگۆمان كرد , كەمیك باسی خۆی بۆكردم گووتی { پتر لە 7 ساڵە لێرەم هاوسەرەكەم یۆنانیە منداڵێكم لێی هەیە فێری زمانەكەیان بووم پەیوەنیم لە گەل كۆمەڵێك خەڵكانی چاك و رۆشنبیری یۆنانی هەیە كە پشتگیری دۆزەكەمان دەكەن . ئەوە چەند ساڵێكیشە لێرە كاردەكەم بەكورتی خۆم پێكهێناوە وبەم ژیانەم رازیم و بەنیاز نیم ئێرە جێبهێڵم.}هەر ئەو كاك مەریوانە پێشنیاری كرد كە نووسینگەی ئەزمر بەسەر بكەمەوە, منیش پەسەندم كرد و هەر خۆشی بۆی وەسفكردم چۆن بیدۆزمەوە{*} . وەسفەكەی كاك مەریوان راست دەرنەچوو چەند شەقامێك بەراست و چەپیشدا گەڕام هەر نەمدۆزیەوە وەلێ رێكەوتی كافتریایەكی میسریم كرد كە چەند كوردێك لە بەردەرگا قسەیان دەكرد , هەواڵی نووسینگەكەم لێپرسین پیاوانە یە كیكیان لەتەكمدا هات . ئەو برادەرە بە دەم رێگەوە دەردی دڵی خۆی بۆ رشتم. گلەیی و گازندەی زۆری لە كوردەكان هەبووبەوەی كە یارمەتی نادەن و پشتگیری لێناكەن لەو كێشەییەی كە تووشی هاتووە. بێ ئەوەی پرسی كێشەكەی لێ بكەم خۆی دەرگای باسی كردەوە . كێشەی لە گەڵ چەند ئەفریقیەكدا هەبوو كە بەردەوام

ڕێی پێدەگرن و هەڕشەی لێدەکەن , هەرلەبەر ئەوەش وازی لە کارەکەی هێناوە تا لە بەرچاویان وونبێت لێ ئەوان هەر بە دووایەوەن .
منیش گووتم ئێ برادەر خۆ ئەوەش ناکرێت بەردەوام چەند کوردێکت بەدوواوە بن, چاك وایە لای پۆلیس سکالاٌیان لەسەر تۆمار بکەیت , لە وەلاٌمدا گوتی{ پۆلیس هیچ ناکات و نایانەوێت خۆیان بهاونە ناو گیچەڵی ئێمەوە .} گووتم ئەی چۆنە ڕیکەویت لە گەلێانا ؟{ گووتی ئەوەکەسەی ناخۆشیم لەگەلێدا بووە کەبەتەنها دەیبینم دەڵێ هیچم نیە بەرامبەرت و دووسێ ئۆکەی دەکات و دەڕوات, وەلی کە دەبنە چەند کەسێك دووام دەکەون بۆیە منیش ناوێرم بەتەنا بچمە چۆڵەوانی}.
خاوەنی نووسینگەی ئەزمرِ بۆ تەلەفوون وپارە هەوالّەکردن کاك حسینە کە هاوکات نوێنەری یەکیەتیشە لە یۆنان.کاك حسین بە گەرمی پێشوازی لێکردم , باس و خواسی زۆرمان هێنایە ئاراوە. چەند پرسیارێکیشم ئاراستە کرد لە مەڕ ژیانی کوردەکانی ئەوێ و کێشە و گرفتیان و هەڵەێستی سیاسی بەرپرسانی یۆنانی لەمەڕدۆزی کورد و زۆر بابەتی دیکەش. پاش کۆتایی دیمانەکە هەڤاڵێکی کاك حسین کە لە کۆمیتەی یەکیەتی کاری دەکرد پاش دیدارەکە هاتە لامان و پێکەوە لە کافتریاکەی بەرامبەر نووسینگەی ئەزمر دیسان قسەو باسی زۆرمان کرد .پاش بەینێك ماڵئاوایم لە کاك حسین و هەڤاڵەکەی کردو بەرەو ڕێستوڕانتی سلیمانی کەوتمە ڕێ ئەو ڕێستوڕانتە دەکەوێتە شەقامێکی دیکە کە نزیکەی چارەکێك ڕێ لە نووسینگەی ئەزمرەوە دوور بوو. لە ڕێگە چێشتخانەیەکی دیکەم بەر چاوکەوت بەنیوی سارا
کە هێمان نەکرابویەوە و کاریان تێدا دەکرد. بە تەك چێشتخانەی سلیمانیەوە دیسان سەرتاشخانەیەك هەبوو بە نێوی جیهان. {پێدەچێت هەر چێشتخانەیەك سەرتاشخانەیەکی پێویست بێت}. سەرەتا ڕووم لە سەرتاشخانەکە کرد لەوێش دیسان تووشی هەمان گرفت بووم ئەویش ڕەتکردنەوەی دووان بوو, بەهەرحاڵ توانیم گەنجێك بدوێنم کە ووتەکانی لە هی هەمووان ماقولترو دروستتر بوون .
لەگەڵ ئەوی خاوەن د وکانەکە وەلاٌمی هیچ پرسارێکی نەدامەوەو ئامادەنەبوو وێنەشی بگرم لێ تابڵی گەنجێکی ڕووخوش و قسە خوش بوو , تا چایەکی دەرخوارد نەدام ڕێگەی نەدام بڕۆم , کە وەدەریش کەوتم بە پێکەنینەوە گووتی {ئەوها دەتخڵەتێنم بە چایەکی سارد ڕازیم کردیت.}بەر لەوەی بچمە نێو رۆێستورانتەکە لە بەردەرگا لاوێکی دیکەم دوواند . دەمێك ویستم وە ژوور کەوم گەنجیکی دیکە بە عەرەبیەکی شەقوشڕ گووتی لە چ ولاتێکی عەرەبیەوە هاتوویت . لە وەلاٌمدا گووتم یەکەم بە کوردی بدوێ چونکە منیش وە ك تۆ کۆردم , دووەم لە ولاٌتی عەرەبیەوە نەهاتووم لە ولاٌتێکی ئەوروپاوە هاتووم . هەندیك شەرم گرتی وگووتی ببورە وام زانی عەرەبیت . بۆ لە عەرەب دەچم؟ نەولاٌ لەعەرەب ناچیت بەلاٌم خۆشم نازانم بۆچ بە عەرەب هاتیتە بە رچاوم. دەستیکم دا بە شانیدا وەك ئاماژە بۆ ئەوەی کە لێی زویر نیم ئەویش بزەیەکیبۆ کردم و ئەوجا وە ژوور کەوتم. ڕێستوڕانتەکە دوا قۆناغی ڕۆژەکەم بوو , خاوەنەکەی ئافرەتێکی زرنگ و گورجوگۆڵ بوو بە نێوی{سەرگووڵ سالّح } سەبارەت بە کارەکەی و هەوڵومەرجی ژیانی لە یۆنان ونرخی خواردنەکان و چۆنیەتی میوانەکانی و تاد هەندێك پرسیارم ئاراستەی کرد. لە وەلاٌمەکانیدا دەرکەوت کە پتر لە $11$ ساڵە لەو ولاٌتە دە ژی , شەش ساڵکیشە بەو چێشتخانەوە خەریکە, لە کارەکەی ڕازیە لێ ماندووە بە دەستیەوە ,منداڵەکانی لە قووتابخانەی یۆنانی دەوام دەکەن و گەورەکەشیان لە ساڵی داهاتوودا دەچێتە زانکۆ . خۆی پەنابەری سیاسیە لە یۆنان, هەمووشووناسنامەی یۆنانیان هەیە. مشتەریەکانی هەمە ڕەگەزن.

.ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو وەلاٌمی پرسیارێکم بوو سەبارەت بە نرخی خواردنەکان کە گووتی {نرخی خواردنەکانی من لە نرخی هەموو چێشتخانەکانی یۆنان هەرزانترە.} گووتم چۆن دەزانیت؟لە وەلاٌمدا گووتی چۆن نازانم باش دەزانم بەوەی کە مشتەری زۆر دێنە لام نان دەخۆن و باسی هەرزانی خواردنەکانیشم دەکەن.جا ئەوە کەی پێوەرە بۆ ئەو مەسەلەیە؟بە هەرحاڵ بە بڕوای خۆیەوە وازم لێ هێنا و باسەکەم گۆڕی بۆشتێکی دیکە.لە کۆتایدا خولکی نانخواردنی کردم,منیش هەر زۆرم برسی بوو لە بەیانیەوە هیچم نەخواردبوو , ئەوەندەش چاو قاوەم خواردبوویەوە گەدەم تووشی ترشەڵۆك بووبوو ,,زۆریش ئارەزووم چووبووە سەر خواردنەکان بە تایبەتی کەبابەکەی
کە بۆن وبورامەو چڕەدوکەڵی ئەو ناوەی تەنی بوو. دەبوو شێوی ئێوارە پێکەوەلەگەڵ هاوسەرەکەم و خێزانە یۆنانییەکەی برادەرم کە لە لایان میوان بووین پێکەوە بخۆین, بە تایبەتی کە بڕیاربوو ئەوان خواردنی یۆنانیمان بۆ بکەن.ئیدی نەدەکراو جوانیش نەبوو من لە دەرەوە نان بخۆم.لەلایەکی دیکەشەوە زۆرم حەز لە کەبابەکە بوو نەمدەتوانی دەستبەرداری بم. بەجوانی سوپاسی خوولکی ئافرەتی خاوەن چێشتخانەکەم کرد و تێشم گەیاند کە بۆچی ناخوازم لای نان بخۆم.لێ ئەو هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی شتێك بخۆم ,پاشان پێشنیاری کرد کە چەند نەفەرێك کەباب بەرمەوە تا ئەو خێزانە یۆنانیەش کەبابی کوردی بچەژن . منیش پێشنیارەکەیم قەبوڵکرد, بە خێرایی چەند نەفەرێك کەبابی بە هەموو پێویستیەکانیەوە بۆ پێچامەوە. زۆر هەوڵمدا پارەی بدەمێ لێ ئەو ڕێگەی نەداو

گووتی تۆ میوانی منیت وئێمەت بەسەرکردووەتەوە چۆن دەکرێ پارەت لێ وەربگرم. بەهەرحاڵ سوپاسێکی زۆرم کردومالئاوایم لێکردن وبەرەو وێستگەی مەترۆی ئامۆنیا کەوتمەوەرێ.دەبوو تا دوا وێستگە برۆم و لەوێشەوە سواری پاس بم ولەکۆتایشدا15 دەقەیەك بە پێیان برۆم, بە هەمووی نزیکەی  کاتژمێرونیوێکم پێ چوو. دەمێك خۆمکرد بە ژووردا خەریکی مێز ڕازاندنەوە بوون منیش کیسەکەم کردەوەو کەبابەکانم خستە سەر مێزەکە ولەگەڵ خواردنە یۆنانیەکە خواردمان.ئەوەی سەیر بوو پاش ئەو ماوە زۆرە کەبابەکان تەنها کەمێك سارد ببوونەوە وەلێ تاموچێژی لەدەست نەدابوو, ئەوەی ڕاستی بێت میواندارەکانمان لە ئێمە زیاتر حەزیان لێی بوو.




چەند سەرنجێکی خۆم/

هاتن بەرەو یۆنان هەر بەردەوامەو ئارامی بارو دۆخی کوردستان هێندە کاریگەری  لەسەرئەو مەسەلەیە نیە.

لە نێو زۆربەی نیشتەجێیانی وڵاتی یۆنان سیاسەت ڕۆڵ وبوونی لاوازە وکەمتر بیری لێدەکەنەوە.

باری ئابووری و چاولێکەری هۆکارێکی گەورەیە بۆ هاتنە دەرەوە.

ژمارەیەکی بەرچاو لەو کوردانە لە بەندیخانەکانی یۆناندان بە هۆکاری مامەڵە کردن بە ماددە بێهۆشکەرەکانەوە, قاچاخچی کردن بە مرۆڤەوە, دزی و شەڕوشۆڕو شتی دیکەش.

زۆربەیان  سەرقاڵی پارە پەیداکردنن.

گیانی هاوکاری و یارمەتی لەنێوانیاندا کەمە

یەك دوو گەنجیان دووچاری نەخۆشیدەروونی بوون,گەر چارەسەر نەکرێن دەبێ دەسیان لێ بشۆرین.

ڕێژەی پتر لەسەدا 95 لەو کۆچبەرانە گەنجن لەتەمەنی نێوان 18 –30 دان{ ئەمەش  بۆ خۆی کارەساتێکە}.

خێزان زۆر کەمە لە نێوانیاندا.

هەندێکیان قاچاخچێتی دەکەن وە خۆشیان بە ئاشکرا دەیڵێن و نایشارنەوە . خۆیان بە شێوازێکی جوانتر دەیڵێن { نەفەردەگوێزینەوە.}

ئێستا کەمتر لە نێو پارك وگۆڕەپانەکاندا لەسەر کارتۆن ڕۆژ دەکەنەوە, زۆربەیان بە دووسێیەك ژوورێکیان بەکرێ گرتووە.

لەوێ شارگەری وهەرێمگەری هەیە  بەوەی هەر کۆمەڵەکوردێکی سەر بەشارێکی کوردستان یا پارچەیەکی کوردستان چایخانەیەکی بۆ خۆی پێکهێناوەکە لە دووکانێك  و  چەند کورسی و مێزێك پێکهاتووە.ئەمە هی هەولێریەکانە , ئەوی دیکە هی سلیمانەیەکانە, ئەوش دهۆکیکان, خانەقیکان , فەیلیەکان, کەرکوکیەکان, ڕژهەڵاتیەکان. باکووریەکان وتاد.

پرسیارەکانی  من کە ئاراستەم کردن لەم چۆرانەبوون :

چی پاڵی پێوە نایت کۆچ بکەیت؟

بەر لەوەی کۆچ بکەیت دەتزانی کە مەسەلەی پەنا بەریەتی لە ئەوروپا زەحمەت بووە؟

**پەشیمان نیت لەهاتنت؟**

**ئامادەبوویت بەرگەی مەترسیەکانی ڕێگا بگریت؟**

**تا چ ڕادەیەك کوردەکانی ئێرە کۆمەکی یەکتر دەکەن؟**

**تا گەشتن بە ئێرە چەند پارەت خەرج کردووە؟**

**پۆلیسی یۆنانی چۆن مامەڵەتان لە تەك دەکەن؟**

**گەر بوار بو لێرەبمێنیتەوە , دەمێنیتەوە یا سووریت لەسەر ڕۆشتن ؟**

**تا چ ڕادەیەك لە نوێنەرانی حیزبە کوردستانیەکان ڕازیت؟**

**پووختەیەك لە وەڵامەکانیان::**



**1}ئیسماعیل تۆفیق**

**7 مانگە لێرەم**

**باری ئابووری پاڵی پێوەنام**

**دەمزانی مافی پەنابەریەتی زەحمەت بووە**

**گەر پەشیمانیش بم ئێستا سووی نیە**

**پۆایسی یۆنانی ئازارمان دەدەن زۆرجاریش بێ هۆ دەمانگرن.**

**گەر برادەری نزیکم هەبێت لەوانەیە یارمەتیم بدات.**

**ئارەزووی بەریتانیا دەکەم ,لێ گەر لێرە ژیانم مسۆگەربێت لێرە دەمێنمەوە.**

**کرێکاری مەیدانم وەلێ هەموو ڕۆژێك کارم دەستناکەوێت.**



**2}نەبەز ڕەئووف**

**5 مانگە لێرەم**

**بۆ پارە پەیداکردن هاتووم و ئێستەش بێکارم.**

**هەندێك لە خاوەن کارەکان پارەمان دەخۆن.**

**تا گەشتوومەتە ئێرە 1200دۆلارم خەرج کردووە لە ڕێگەیقاچاخچی کوردەوە هاتووم .**

**حەزدەکەم بگەمە وڵاتێکی ئەوروپایی بەڵام توانام نیە ,سوپاسی کەسێکیش دەکەم گە ر لەو ڕووەوە یارمەتیم بدات.**

له ڕێگا ناخۆشی زۆرم دی.

پۆلیسی یۆنانی کارەکانمان دووادەخەن وەك دانی مۆڵەتی کاریا کارتی نیشتەجێ بوون.

دەزانم کوردو عێراقی وەرناگرن,بەڵام هەر کۆڵنادەم.



3} داماوچۆمانی

دوومانگە لێرەم

ئایندەم دیارنەبوو, هاتووم خۆم پێکبهێنم

گرفتی و مەترسی ڕێگام زۆر بوو 7 رۆژ له شاخ مامەوه.

بۆ گەشتن بە ئێرە 2500 دۆلارم داوە بە قاچاخچی .

دەزانم بە پەنابەر وەرماننناگرن وەلیٚ‌هەر بە ئومێدم وەرمگرن.

لێرە دەمێنمەوە تا شتێکم لیٚ مەعلوم دەبێت.گرفتم له گەڵ پۆلیسی یۆنانی نەبووە.

ئەوەندەی من ئاگادارب‌م کوردەکان یارمەتی یەکتر دەدەن.

باوەڕ ناکەم کورد کاری تالیاکفرۆشی بکات.

دەسکەوتنی کار زۆر ئەستەمە , ڕۆژانە کاتژمێر سیٚ دەچمەمەیدانو کاریشم دەستناکەوێت.

نازانم دواڕۆژم چی دەبێت.

تا ئێستا پێویستم بە یارمەتی نوێنەری حزبەکان نەبووە.



4}شەهاب

دووساڵە لێرەم

سەرتاشی دەکم خاوەنەکەی پاکستانیە بە ففتی ففتی ئیش دەکەم.

من چاولێکەری گەیاندمیە ئێرە

زۆربەی ئەو خەڵکەی دێنە ئێرە خڵەتاون.

باری ئابووریش کاریگەری هەیە..

یەك دووجار هەوڵی دەرچوونم داوەڵا سەرکەوتوونەبووم.

لەهاتنم پەشیمانم و دەمەوێت بگەڕێمەوە.



5}سەلام

ساڵ ونیوێکە لێرەم

باری ئابووری هۆکاری هاتنم بوو وەڵێ قسەی هەندێك برادەرانیشم لە هەندەران کاریگەری هەبوو لەسەرم.

چەند جارێك هەوڵی سەفەرم داوە لێ سەرکەوتوو نەبووم.

هەروڵاتێکی دیکە بێت لێرە باشترە.

باری ژیانمان لێرە زۆر خراپە.

ئیش هەیە لێ خەرجی ڕۆژانە گرانە.

2800 دۆلارم خەرج کردووە تا گەشتوومەتە ئێرە.

ئیدی پەشیمانیش بم سوودی نیە تازە تێکەوتووم.

لەڕوی یارمەتیەوەکوردەکان وەك یە کنین.

هەرکەس زیاتر بۆ خۆی هەوڵدەدات.

پۆلیسی یۆنانی نەباشن و نە خراپن.

گەر پارەیەکی چاکم دەستکەوێت دەگەڕێمەوە کوردستان.



6} ئاکام عومەر

سێ ساڵە لێرەم

هاتنم بۆئێرە هۆی ئابووری بوو.

سێ سال لە ئێران ,سێ لە تورکیا و سێ ساڵیشە لێرەم ٭

کاری سپی دەکەم

هاوڕێیەکی دڵسۆزم ئەم کارەی بۆ دۆزیمەوە.

زۆر ڕازیم لە کارەکەم.

لەبەرئەوەی زکات نادەم تا ئێستا مۆڵەتیکارکردنم نیە.

نیازی هیچ لایەکی دیکەم نیە.

یارمەتی ماڵەوەشم داوە.
گەر هەندێك پارەی ترم دەستبکەوێت دەگەڕێمەوە بۆ وڵات.
وڵاتانی ئەوروپا سوودی بۆ ئێمە نەماوە.
گەر لێرە بێڕێزیمان لەگەڵدا بکەن ئەوە گوناهی خۆمانە.
هەندێك لە کوردەکان شتی خراپ و نابەجێ دەکەن.
گەر لای پۆلیس بڵێم کوردم یا عێراقی زۆر ناشیرین ڕەفتارم لەگەڵدا دەکات.

7} ح هەولێری
پتر لە دووساڵە لێرەم
دەمێك بەحزب بوون بکرێتە پێوەر بۆ دڵسۆزی وڵات من ئەو وڵاتە جێدەهێڵم.
لەبەر ئەوی لە وڵات نەموویست ببمە بەشێك لە پێکهاتەی حزبێك کاریان پێنەدام.
هەندێك لە کوردەکان سیخووری بۆ پۆلیسی یۆنانی دەکەن و هاوڵاتیانی خۆیان بەگرت دەدەن.
یەکیەتی و پارتی هیچ بۆ کەس ناکەن, نووسینگەکانیان هەفتەی چەند کاتژمێرێك دەکەنەوە.
کوردەکان زۆر خراپن لەنێو خۆیاندا
هەندێك لە پۆلیسی یۆنانی دەستیان لە کاری مادە بێهۆشکەرەکاندا هەیە,برێك لە کوردەکانیش هاوکارن لە تەکیاندا.
ا


کاك حسین نوێنەری یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە یۆنان

من تەنها نوێنەری حزبم نەك حکومەتی کوردستان.
لە ساڵی 2002 ەوە بە شێوەیەکی فەرمی بە نوێنەری یەکیەتی ناسراوم.
باڵوێزخانەی عێراق تا ئێستا بە فەرمی نەکراوەتەوە,ئەوانەی لەوێ کاردەکەن فەرمانبەرە کۆنەکانن
لە کاتی سەفەرێکی کوورتیدا بۆ ئێرە{ ترانسێت}کاك وشیار زێباری بە باڵوێزخانەی عێراقی ڕاگەیاند کە بۆ هەر کارێك دەیکەن نوێنەری حیزبە کوردیەکان ئاگادار بکەنەوە
چاروبارلە باڵوێزخانەوە بە تەلەفوون پەیوەندیمان پێوەدەکەن.
کوردەکان لێرە ڕەوەند {جالیە} نین, بەڵکو ترانسێتن.
لە مەسەلەی دەرکردنی پاساپۆرتدا بۆ هاووڵاتیانی کورد کارمەندان لە باڵوێزخانەی عێراق یارمەتیمان دەدەن.
حکوموتی یۆنانی لە ڕێگەی ئێمەوە کارتی نیشتەجێبوون بە کوردەکان دەدات,کە بۆ 6 مانگە .
ئێمە بەردەوام دەرگای کۆمیتەمان کراوەتەوە, هەر کوردێکیش پێویستی بە یارمەتی هەبووبێت یارمەتیمان داوە.
ئەو کوردانەی لەسەر مامەڵەکردن بە مادە بێهۆشکەرەکانەوە بەندکراون یارمەتیان نادەین و سەردانیشیان ناکەین وە بگرە دووژمنایەتیشیان دەکەین.

هاتنی کوردەکان بۆ ئێرە زۆربەی چاو لیکەریە, لە وڵات ئارامی هەیەو تا ڕادەیەکیش کار دەستدەکەوێت.

هەندێك لەوانە گەرەکیانە لە پڕێك ببن بە کوڕێك.

بڕێکیشیان دەخوازن بەکاری نامەشروع خۆیان درووستبکەن.

ئەو کوردەی لێرە خاوەنی کارتی سەوزبێت دەکارێت بە پاسپۆرتی عێراقی هاتووچۆی وڵات بکات , بەمەرجێك کاری سپی بکات.

لە هەشتاکاندا دەمێك پاسۆك لە سەردەسەڵات بوو وەئەندریا پاپا ئەندرێۆس سەرۆك وەزیران بوو لەو دەمەدا یۆنان پەیوەندیلەگەڵ گەلی کورد پەیداکرد.

یۆنان لە ئاستی سیاسەتی جیهانیدا ڕۆلی نیە.

یۆنان دۆستی کوردە وەلێ وەك پێویست یارمەتی کوردی نەداوە.

تا ئێستا ڕیکخراوێکی خێرخوازی یۆنانی لە کوردستاندا نیە.

چەندین جارداوامان لێکردوون تا  ڕێکخراوە خیرخوازیەکانیان بنێرنە کوردستان ,لێ ئەوان وەدەنگ داوەکەمانەوەنەهاتوون.

تێبینیەکان/

⋆ پتر لە چوار ساڵە کەناڵیکی کوردی لۆکاڵ لە کۆبنهاگن  بەڕێوە دەبەین وە چەندین بەرنامەمان لە دەرەوەی دانمارك چێکردووە, وەك کوردستان ,سوید, ئەڵمانیا, فەرەنساو تاد.

زۆربەی کوردەکانی یۆنان شارەزای نەخشەی تۆرستی نین و سەریان لێی دەرناچێت,هەر وەك لای خۆمان{مەبەستم کوردستانە}بەوەسف ئەدرەسەکان نیشاندەدەن.

⋆زۆر هەوڵمدا هەڤاڵانی پارتیش بدۆزموە و چەند پرسیارێکیش ئاراستەی ئەوان بکەم, مخابن هەوڵەکەم شکستی هێنا

halabja@ofir.dk